# .ناو ناوەڕۆك

نەجات

هەرچەند ئەکەم پە نجەکانم
ناکرێنەوە
تاکو خودکارێ بگرم
چونکە لە نووکی باریکی
هەرووشەیەکی لێ دەربێ
نایکوژێنێ
دڵی پڕئاگری بە گوڕم

* * *

هەموو شتێك ناوی هەیە
گەر ئاژەڵیش بێ وەیان کەر
بەبێ ترس
ڕێگای ژیانی ئەگرێتەبەر
ئینسانێکم
بۆچی ئەبێ من بترسم
کە لەم بەرم
نەتوانم بچم بۆ ئەم بەر

* * *

جابۆیە نووکی خودکارم
لەهەموو شت گەورەترە
هەرکەسێ خۆی بەزل زانی
لێ ی مەترسە
بەنووکی خودکار وەك خە نجەر
هەمبانەی مێژووی بدڕە
لێت یەقین بێ
یان ڕابردووی کۆنە جاشە
یان زەلامێکی قۆڵبڕە

* * *

تۆ لەسەر ئەم خاکە ئەژی
لەسەر نەخشە لادراوە
چواردەورەکەت
بەباغی دڕکی کوشندە
داچێندراوە
چواردەورەکەت
داینەسوڕە

**بەسێ زمان**
**دەمی بۆ تۆ ئاوەڵاوە**
**تاناویك لەخاكت نەنێ ی**
**چۆن دەڵێ ێ من پاڵەوانم**
**سمێڵ گەورەم**
**هەمزەم ناوە**

* * *

**ئێستاكە خاوەن وولاٚتی**
**مەنازە بە**
**نەجمەی شان وپایەو پلەت**
**یان خاوەن چەند چەكدارێكی**
**پێت دەڵێن سەرۆك عەشیرەت**
**تۆ لەم خاكە لەدایك بووی**
**لەباوەشی میللەتێكی**
**زوڵم لێكراوو جگەر لەت**
**خۆت بەخزمەتكار بزانە**
**بۆ هەژارو خاك و میللەت**
**بانەگەڕێینەوە مێژووی**
**سەردەمی قازی وشێخ محمود**
**لەدەستمان دەرچێ ئازادی**
**ئەوانیش بمانكەن نەعلەت.**
**نەجات_باوكی بنار**

2002 5-8
**ئۆسلۆ**